www.kurdistannet.org
14-10-2006 9:29بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# سەبارەت بە ڕەوشی پەنابەرانی کورد لە نەرویج لەسەر داوای پەرلەمانتار ئەریلد ستۆککان کۆبونەوەیەک ڕێکخرا لەگەڵ خاتوو سۆلاف خەقینی ... زانا گە لا لی

نەرویج

بەمەبەستی ئاگادار بون لە کێشە پەنابەرانی کورد لە نەرویج، پەرلەمانتار ئەریلد ستۆککان بەرپرسی بەشی پەنابەران لەپەرلەمانی نەرویجی هاوڕی لەگەڵ ڕاوێژکاری تایبەتی گۆرۆ لە تەلاری پەرلەمان لە ئۆسلۆی پایتەخت پێشوازی کرد لە سۆلاف خانەقینی بەرپرسی تۆڕی ژنانی شاری ئەسکەر و ئەندامی بنکەی شاری ئەسکەر لە پارتی کرێکارانی نەرویجی، سەرەتا سۆلاف خانەقینی سوپاس و پێزانینی خۆی ئاڕاستەی بەرپرسی بەشی پەناهەندە لە پەرلەمانی نەرویجی کرد بۆ ڕیکخستنی ئەم کۆبونەوە کە مەبەستیان لە گوێگرتن و چارەسەر کردنی کێشەکانی پەنابەرانی کوردە. پاشان تیشکی خستە سەر بەشێک لە کێشەکان وە داواشی کرد کە کۆرسی زمان بۆ هەموو پەنەبەرێک بکرێتەوە، چونکە ئیمڕۆ پەناباران لە بارودۆخێکی دەرونی خراپ دا دەژین فێربوونی زمان هۆیەکی سەرەکیە بۆ لەیەک گەیشتن و تێکەڵاو بوونی پەنابەران بە کۆمەڵگەی نەرویجی خۆ گونجان لەگەڵ ئەم کۆمەڵگەیە ئەمەش ڕێگایەکی خۆشکەر دەبێت بۆ کەم بونەوەی کێشە و گرفت کە هەندێجار ڕو دەدات. دواتر داوای کرد خانەی چاودێری مناڵان بکرێت بە خورتی تاکو جیاوازی نەبێت لە بەینی مناڵی نەرویجی و مناڵی پەناهەندە بەومەرجەی بەبێبەرامبەر بێت چونکە هەندێ لە پەنابەران لەبەر ئەم بڕە پارەیە مناڵەکانیان نانێرن، جگە لەمەش داوای کرد کە زۆر پێویستە مافی خوێندن بەزمانی دایک بگەڕیتەوە کە ماوەیەکە مناڵانی پەناهەندە لە هەرێمی ئۆسلۆی پایتەخت لەم مافە بێبەشن، وە پەرلمانی ئاگادار کردەوە لەمەڕ کێشەکانی ژنانی پەناهەندە بەتایبەت ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە زۆرێک لەمافی پەنابریان بێبەشن، وە داوای کرد کە مافی پەنابەریان پێبدرێت جگە لەمەش لەبارەی ئەم کوردانەی کە داواکاری مافی پەنابریان ڕەتکراوەتەوە ساڵانێکە لە نەڕویج دەژین بە پێویستی زانی کەوا مافی پەنابەریان پێبدرێت بۆ ئەوەی جارێکی تر کێشەی موفەکان دوبارە نەبێتەوە. ئەم داوایانەو چەندین داوای تر لەلایەن خاتوو سۆلاف خانەقینیەوە پێشکەش بە پەرلەمانی نەرویجیەوە کرا، وە لە لایەن خۆیەوە ئەریلد ستۆککان بەرپرسی بەشی پەناهەندە بەڵێنی دا کە بە داواکاریەکانیان دا بچێتەوە هەوڵی چارەسەریان بۆ بدات.